ڕۆژی قیامەت قورئان دەهێندرێت لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە دونیادا بە پێی قورئان کردەوەیان دەکرد

لە نەواسی کوڕی سەمعانەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «ڕۆژی قیامەت قورئان دەهێندرێت لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە دونیادا بە پێی قورئان کردەوەیان دەکرد، لە پێشووی هەموویانەوە سورەتی -البقرة وآل عمران-ەوە، گفتوگۆ دەکەن لە جیاتی (بەرگری دەکەن لە) ئەوانەی پێیانەوە پابەند بوون -هاوەڵەکانیان-».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: (ڕۆژی قیامەت قورئان دەهێندرێت لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە دونیادا بە پێی قورئان کردەوەیان دەکرد، لە پێشووی هەموویانەوە سورەتی -البقرة وآل عمران-ەوە، گفتوگۆ دەکەن لە جیاتی (بەرگری دەکەن لە) ئەوانەی پێیانەوە پابەند بوون -هاوەڵەکانیان-): پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- خوێندنەوەی قورئانی بە کردەوە کردنەوە بەستووەتەوە؛ چونکە ئەوانەی قورئان دەخوێنن بۆ دوو جۆر دابەش دەبن: 1- کۆمەڵێک کردەوەی پێناکەن، وباوەڕیان بە هەواڵەکانی نێوی نییە، وحوکمەکانی نازانن؛ ئەمانە قورئان بەڵگەیە لەسەریان. 2- کۆمەڵێک باوەڕیان بە هەواڵەکانی هەیە، و بەڕاستی دادەنێن، وکردەوە بە ئەحکامەکانی دەکەن؛ بەڵگەیە بۆ ئەمانە لە ڕۆژی قیامەتدا. ئەوەی کردەوە بە ئەحکامەکان وڕێنماییەکانی قورئان بکات بەڵگەیە بۆ ئەو نەک لە دژی بێت لە ڕۆژی قیامەتدا، ئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی گرنگترین شت سەبارەت بە قورئان؛ کردەوە کردنە بە ئەحکام وڕێنماییەکانی، خوای گەورە دەفەرموێت: {كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ إِلَيْكَ مُبَارَكٌ لِّيَدَّبَّرُوا۟ ءَايَٰتِهِۦ وَلِيَتَذَكَّرَ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَابِ} [ص:29] واتە: {(ئەم قورئانە) کتێبێکی پیرۆزە ناردوومانەتە خوارەوە بۆ تۆ بۆئەوەی بیر بکەنەوە لەئایەتەکانی، وە خاوەنانی بیر و ژیری پەندی لێ وەربگرن}، {لِّيَدَّبَّرُوا۟ ءَايَٰتِهِۦ} واتا بیر بکەنەوە وتێبگەن لە ئایەتەکانی، {وَلِيَتَذَكَّرَ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَابِ} واتا کردەوەی پێدەکەن ئەمیش لە پاش تێگەیشتنی دەبێت؛ چونکە کردەوە بە بێ تێگەیشتن وبیرکردنەوە ئەنجام نادرێت، بەهۆی بیرکردنەوە زانست بەدەست دەهێندرێت و کردەوەکردن بەشێکە لە زانستی شەرعی، مەبەست لە دابەزینی قورئان ئەوەیە: مسوڵمان بیخوێنێتەوە وباوەڕی بە هەواڵەکانی هەبێت وکردەوە بە ئەحکامەکانی بکات وخۆی لە نەهی لێکراوەکانی بە دوور بگرێت وفەرمانەکان وڕێنموێنییەکانی نێوی جێبەجێ بکات، ئەگەر مسوڵمان ژیانی بەم شێوەیە بێت لەگەڵ قورئاندا ئەوا قورئان دەبێتە بەڵگە بۆ مسوڵمان وبەرگری لێدەکات لە ڕۆژی قیامەتدا.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6828